


# ڕۆژنامەی ڕۆژا ولات



یوسف ئەحمەد مەنتک

لە بارودۆخیکی سیاسی جەنجال وئالۆز لەژێر سێبەری ڕژێمی تورکیا، کوردانی باکور ڕۆژنامەیەکیان بەناوی ڕۆژنامەی «ڕۆژا ولات» دەرکرد، کەهاوکات بوو لەگەڵ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێی کوردستانی باشوور.

ڕۆژنامەیەکی سیاسی کولتووری بوو، پانزە ڕۆژ جارێک دەردەچوو، زمانی ڕۆژنامەکە: تورکی/ کوردی لاتینی بوو، خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەکە( مستەفا ئایدن ) بوو، بەڕێوەبەرو بەرپرسی ژمارە یەک سەدیق بۆز ئارسەلان، لەژمارە ٢ تا ٦ فیکرەت ئاکای بەڕێوەبەرو بەرپرس بوو، لەژمارە ٧ تا ژمارە ١٢ مەحموود چشمە بەڕێوەبەرو بەرپرس بوو، ژمارە ١٢ دوا ژمارە بووە لە تورکیا دەرچووە، ژمارەی لاپەڕەکانی لە نێوان ١٢ و ١٦ دا بووە، ژمارەکانی : (٥، ٦، ٧، ٩، ١٠) دوانزە لاپەڕە بووە، ژمارەکانی: (١، ٢، ٣، ٤، ٨، ١١، ١٢) شانزە لاپەڕە بووە. لەژمارە یەک نووسراوە چاپخانەی ئاراڵ ئۆفسێت/ ئەستەنبۆل، لە ژمارەکانی دیکە نووسراوە چاپخانەی ئێماش/ ئەنقەرە، ناوونیشان وئابوونەی سالانە نووسراوە : بۆ ٦ مانگ ٥٠ لیرە بۆ سالیک ١٠٠ لیرەی تورکی، بۆدەرەوەی ولات دووقاتە.

دەرکردنی ئەم ڕۆژنامەیە لە تورکیا ئاستەنگ وکێشەی زۆری هاتۆتەسەر ڕێگا وەک: قەدەغەکردنی چاپ وبڵاوکردنەوەی، گرتنی خاوەن وبەرپرسیاری ڕۆژنامەکە و حوکمدانیان، گرتنی خاوەن مەکتەبەو ڕۆژنامە فرۆشان، کۆکردنەوەو دەست بەسەرداگرتنی ڕۆژنامەی ڕۆژا وڵات لەلایەن پۆلیس.

کاتێک ژمارەی یەکەم دەرکەوت مستەفا ئایدن وسەدیق بۆز ئەرسەلان لەلایەن پۆلیسی تورک گیران لە ١٩٧٧/٩/٢٨، دوای مانگ و نیوێک مستەفا ئایدن ئازاد کرا، سەدیق بۆز ئارسەلان بە ساڵ ونیوێک سزا درا. هەر بۆیەش تەنها ١٢ ژمارەی لی چاپکرا.

جارێکی تر لە ژمارە ١٣ تا٣٨ لە ئەورووپا چاپ وبڵاوکراوەتەوە لەنێوان ساڵەکانی ١٩٨٤تا ١٩٨٦ لەلایەن مەحموود چشمەو زکی ئاکیز .*

لەبەشی سەرەوەی ڕۆژنامەکە وا نووسراوە: ڕۆژنامەیەکی سیاسی کولتووری ١٥ رۆژ جارێک دەردەچێت. لەخوارتر وانوسراوە: کارگەرانی هەموو وڵاتان وگەلانی ژێر دەست یەکبگرن.

بەپێویستم زانی ئەم رۆژنامەیە بخەمە بەردیدی خوینەران وڕۆژنامەوانان، کە چەند بابەتێک سەرنجیان راکێشام بەتایبەت بەشە کوردییەکەی و هەندێک تورکییەکەش کە لەسەر شۆڕشی نوێی کوردستانی باشوور ڕووداوی گرنگ بوون بۆ مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان و نەوەی داهاتوو، بەلام هەمووی نا چوونکە بۆ من کە تورکی زان نیم توانیم شتێک لە چەند بابەتێکی تورکیەکەش هەلکرێنم، بەلام بەگشتی کوردی وتورکیەکە باسی ژیانی سیاسی وکۆمەلایەتی وکولتوری دەکات بەلام زیاتر بەگشتی ژیان لەسێبەری سیاسەتی ئەو حکومەتانەی کوردستانیان داگیر کردووە، نەبوونی ئازادی ودیموکراسی پێشێلکارییەکانی ئازادی ڕۆژنامەنووسی، بڵاوکردنەوەی هەواڵ وچالاکی کولتوری و سیاسی لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان، و خۆپیشاندانەکان یادی نەورۆزو بۆنە نەتەوەییەکان و دیدارو نووسین لەسەر نووسەرانی وەک جگەرخوێن و حاجی جندی و عەرەبی شەمۆ، ئازاردان وکوشتنی هاوولاتیانی کورد لەلایەن رژێمی تورکیاوە، چونکە لەسەردەمی خۆیدا بایەخی گرنگی بە بارودۆخی سیاسی و کولتوری ئەو کاتی هەر چوار پارچەی کوردستان داوە، سووربوونی خاوەنی رۆژنامەو بەرپرسانی لەدەرکردنی رۆژنامەکەو، کە ریگایەک بووە بۆ هۆشیارکردنەوەو بەئاگا هێنانەوەی نەوەی نوێی گەلەکەمان لە هەر چوار پارچەی کوردستان، گەیاندنی زولم وزۆرییەکان وچەوساندنەوەی گەلی کورد لە لایەن رژێمە داگیرکەرەکانی وەک تورکیا وعیراق وئیران وسوریا بە دوونیای دەرەوە، بەتایبەتی کوردستانی باکوورو شۆڕشی نوێی کوردستانی باشوور، بەدواداچوونی لەسەر ڕووداوە گرنگەکان وهێزی پێشمەرگەی کوردستان و گرتن وئیعدام کردن و ڕاوەدوونانی هاولاتیانی کوردی باشوور لەلایەن رژێمی بەعسی ئێراق کردووە، بڵاوکردنەوەی هەواڵی شەهیدان خاڵەشەهاب وجەعفەرو ئەنوەر، زۆرێک لەوانەی لەسەرکاری سیاسی لەلایەن رژێمی بەعس لەسێدارەدەدران،



هەڵوەستکردن لەسەر شەری براکوژی و هەوڵیانداوە ڕێگری بکەن لەکوشــتنی شــەهیدان عەلی عەسکەری ودکتۆر خالیدو حســێن بابــە شــێخ و هەڤاڵەکانیان، داوای ئــازاد کردنیان بۆ کــردوون، دژ بەشــەری براکــوژی و پارچــە پارچەبوونــی هێزەکان بانگەوازییان کردووە، کە ئەمەیان بە پلانی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان ناساندووە.

**ژمارە ١**

**١٩٧٧ /٩/١٥ شانزە لاپەڕە**

**وێنەی سەر بەرگی یەکەم/ خۆپیشاندان**


ROJA WELAT
KARKERÊN HEMÛ WELATAN Û GELÊN BINDEST YEKBIN!
RÊYA AZADÎ BÛ ÇAR SALÎ
BIJÎ REYA AZADÎ

لاپــەڕە ٢ و٣ پێشــەکی بــە کــوردی لاتینی وتورکــی نووســراوە بــاس لــە ئامانجــی دەرکردنــی ڕۆژنامــەی ڕۆژا ولات دەکات، بەندە پوختەیەکــم وەرگرتووە : خوێنەرانی بەڕێز، ژمــارەی یەکەمــی ڕۆژنامەی ڕۆژا وڵات کەوتە بەردەســتی ئێــوە، دەرکردنی ڕۆژنامە یا گۆڤارێک لە ولاتی ئێمە بەزمانی کوردی زۆر زەحمەتەو ترسناکە.

لەتورکیــا گۆڤاریکی کوردی لەســەردەمی ســوڵتانەکانداو دوای مەشــروتیەتی ســالی(١٩٠٨) بەنــاوی (ڕۆژی کــورد) بڵاوکراوەتەوە،ئەوەش لەلایەن بزوتنەوەی گەنجانــی کورد هێڤی دەرکــەوت، دوای ئــەوە پارتــی ئیتیحــادو تەرەقــی دوای مەشــرووتیەت هاتــە ســەر حوکــم، بۆ هەموو گەل ونەتەوەکانی تورکیا ئازادی وەک یەک هەبوو، بەڵام ئەوان لەســەر بڕیاری خۆیان نەمانەوە ساڵێک ودوان ڕانەبــرد بــوو کە خوێندن و نووســین بەزمانــی گەلانــی تــر قەدەغەکــرا، هەرچی ڕۆژنامەو گۆڤار هەبوو ڕاگیرا.

تــا گۆڤارێکــی تــر بەزمانی کــوردی دەرکەوت پەنجا ســاڵی دیکەی خایاند، لەماوەی ڕابردوودا کورد گەلێک ســەرهەڵدان وقوربانیــان دا لــە پێنــاو بەدەســت هێنانــی ئــازادی زمــان وسەربەخۆیی...هتد.

لەدوای سالی ١٩٦٠ دا بەدواوە گۆڤاری دەنگ و دجلەو فرات دەرکــەوت، بەڵام بەناوی ئامادەســازی بــۆ دەوڵەتی کوردی تاوانبــار کران زۆرێک لە کەســایەتییەکانی وەک نووســەرو بەرپرسیارەکان گیران.

لەســاڵی ١٩٦٦ ڕووناکبیرانی کورد گۆڤارێکیان بەناوی (یەنی ئاکیش) دەرکرد لە ئەنقەرە یەک دوو هۆنراوەی کوردیان تێدا

بڵاوکردبۆوە خاوەنو بەرپرسیاری گۆڤارەکە گیران.

ئێستا ساڵی ١٩٧٧ ئێمە دەمانەوێ ڕۆژنامەی پازدە ڕۆژی دەربکەین بەناوی (ڕۆژا ولات) تەمەنی ئەم ڕۆژنامەیەش وەک ئەوانی پێشتر کورت یان درێژ دەبێت، کاتێک ویستمان ژمارەی یەکەم لە ئەنقەرە دەربکەین، پۆلیسی تورکی زۆر تووڕە بوون، ویستیان ئێمە بگرن گووتیان: لە یاسای تورکی ئەوە قەدەغەکراوە ئێوە ناتوانن بەزمانی کوردی رۆژنامە دەربکەن، ئێمە سەرتان لێدەکەینەوە. هیوای ئەوە دەخوازن ڕۆژنامەی ڕۆژا ولات بەزمانی کوردی و تورکی جێی خۆی لەدڵی خوێنەران بکاتەوە، لەکۆتایی پێشەکییەکەدا ئارمانجی دەرخستنی رۆژنامەکەیان بۆ رای گشتی ڕوون کردۆتەوەو داوا دەکەن کە ڕۆژنامەکە بگاتە دەست هەموو کەسێک، لەکارگەرو گوندنشینان وپیرو گەنجان بیخوێننەوە، ڕۆژانی داهاتوو هی ئێمەیە.




بەلام ئەوان لەگەل ئەوەشدا دەستەو وەستان نەوەستان کارمەندانی ڕۆژنامەی ڕۆژا ولات، دەیانزانی لەدەستوری تورکیدا شتێک نییە بەزمانی نەتەوەکانی دیکە قەدەغە بکات، چاونەترسانە ڕۆژنامەکەیان دەرکرد، (دواتر لەدەستووری تورکی قەدەغە بەزمانەکانی تر چەسپێنرا).

لەلاپەڕە ٨ وتاریک بەناوی بەرەی دیموکرات بە زمانی تورکی، لەلاپەڕە ١٣ الفا بێی کوردی لاتینی، فەرهەنگۆکێک بەزمانی کوردی تورکی. لەلاپەڕە ١٤ ژیاننامە وچەند هۆنراوەیەکی شاعیری چیللی پاپلۆ نیرۆدا بەزمانی کوردی، لاپەڕە ١٥ نوکتە بۆ پێکەنیین بەزمانی کوردی. لاپەڕە ١٦ڕاپۆرتێک لەژێرناوی کوشتن وسەرکوتکردنی گەلی کورد لە عێراق، هەواڵی لەسێدارەدانی خاڵە شەهاب وهاوڕێکانی و باسی لەسێدارەدانی لەیلا قاسم بەزمانی تورکی بڵاوکراوەتەوە.

**ژمارە٢**
**١٩٧٧/١٠/٣٠ شازدە لاپەرە**

وێنەی سەر بەرگی ژمارە دوو ٦٠ ساڵەی شۆڕشی ئۆکتوبەری مەزن، وێنەی لینین لەگەڵ هاوڕێکانی.

لاپەڕە دوو وتارێک مافی بەکارهێنان وبڵاوکردنەوە بەزمانی کوردی، سەبارەت بە گرتنی بەرێوەبەرو بەرپرسی

ڕۆژنامەی ڕۆژا وڵات سەدیق بۆز ئارسەلان، بەزمانی تورکی نووسراوە.
لاپەڕە ٥ وتارێک سەبارەت بەرژێمی بەعس لەبەغدا، کە چۆن چالاکوانانی سیاسی پارتە سیاسییە بەرهەڵستکارەکانی کوردستان دەگرێت و ئەشکەنجەو ئازاریان دەدات و پۆل پۆل لە سێدارەیان دەدات، ناوەکانیان نووسراوە، بە زمانی تورکی.
لاپەڕە ٦ وتارێک لەسەر یەکێتی سۆڤییەت، بەزمانی تورکی.
لاپەڕە ١٠ ڕاپۆرتێک لەسەر زەوی لەرزینی شاری مورادییە، بەناوی کەس لەحالی ئێمە پرسیار ناکات، ڕۆژا وڵات چاوپێکەوتنی لەگەل ئاوارەکانی بەرکەوتوانی زەوی لەرزین کردووە، بەزمانی کوردی.
لاپەڕە ١١ نوکتە بەزمانی کوردی
لاپەڕە ١٢ لەژێرناوی برایەتی کوردو تورک باس لە دادگاییکردنی خاوەنی ڕۆژنامەی ڕۆژا وڵات مستەفا ئایدن وبەڕێوەبەری بەرپرس سەدیق بۆزارسلان دەکات لە دادگای ئەنقرە،بەزمانی تورکی.
لاپەڕە ١٤ بابەتی ئەدەبی کورتە چیرۆک وهۆنراوە.
لاپەڕە ١٥ هۆنراوە.




**ژمارە ٣**
**١٩٧٧/١٢/١ شانزە لاپەڕە**

لەسەر بەرگی یەکەم نووسراوە زۆرداری لەسەر ڕۆژنامەی ئێمە
لاپەڕە ٢/ زولم وزۆرداری لەسەر ڕۆژنامەی ڕۆژا وڵات، لەم وتارەدا باسی ئەوەدەکات کە دوای بڵاوبوونەوەی ژمارە ١و٢ ی ڕۆژنامەی ڕۆژا وڵات، بەبریاری دادگا پۆلیس لە ئەنقرەو وەک استنبول ودیاربەکرو شارەکانیتری کوردستان،لە پەرتووکخانەکان ورۆژنامە فرۆشاندا دەستیان بەسەر ڕۆژنامەی ڕۆژا وڵاتدا گرتووە . پۆلیس هەرەشەی لە خاوەن پەرتووکخانەکان ورۆژنامەفرۆشان کردووە، کەس ڕۆژنامەی ڕۆژا وڵات نەفرۆشێت، بەلام ڕۆژا وڵات بانگەوازی گەلی کورد دەکات کە لە خەبات وخوێندنەوە بەردەوام بن و نەترسن . بەزمانی کوردی وتورکی.
لاپەڕە ٣/ یادی ٦٠ سالەی شۆرشی ئۆکتۆبەر لە یەکێتی سۆڤییەت، بەزمانی کوردی وتورکی.

لاپەڕە ٧/ باسیک لەسەر شێخ ونەوت، بەزمانی کوردی.
لاپەڕە ١٠/ چالاکی هونەری.
لاپەڕە ١١/ وتارێک باس لەخەبات وتێکۆشانی گەلانی ژێر دەست وکورد دەکات، بەزمانی کوردی.
لاپەڕە ١٢/ ئەدەبی، شیعری نازم حیکمەت، دوو شیعری ئەسکەرێ بۆیک شاعیری کوردی سۆڤیەت.
لاپەڕە١٣ / کورتە چیرۆک،بەزمانی کوردی.
لاپەڕە ١٤/ نوکتە بەزمانی کوردی.
لاپەڕە ١٥/ ڕاپۆرتێک باس لەدادگایی کردنی خاوەنی ڕۆژنامەی ڕۆژا وڵات وبەڕیوەبەری بەرپرس دەکات،کە سزای ساڵ ونیویک بۆ سەدیق بۆزارسلان براوەتەوەو، مستەفا ئایدن ئازادکراوە بەرائەتی وەرگرتووە لە محکەمەی انقرە.
لاپەڕە ١٦/ باس لە گرتن وکوشتنی کوردانی باشوور دەکات لە لایەن ڕژێمی بەعسی بەغداد،ناوی چەند وەجبەیەک بڵاوکراوەتەوە.




**ژمارە ٤**
**١٩٧٨/١/٢٥ شانزە لاپەڕە**

وێنەی سەربەرگی یەکەم خۆ پیشاندانی هاولاتیانی دیار بەکر دژ بە(Mcye )
لاپەڕە ٣/ کەوتنی (MCYE ) باسێک بەکوردی لاتینی
لاپەڕە ٤ / باسێک لەسەر ژیانی هاولاتیانی فەلەستینی لە خێوەتگا، بەزمانی تورکی.
لاپەڕە ٦/ وتارێک لەسەر هەڵبژاردنی شارەوانی دیاربەکر، مەهدی زانا ماڵان وکۆڵانان گەڕاوە لەنزیکەوە ژیانی خەلکی بینیوە، بەزمانی کوردی وتورکی.
لاپەڕە ٨و ٩/ دیدارێک لەگەل دکتۆر مەحمود عوسمان، بۆچی شۆڕشی کوردستانی عێراق تێکچوو باس دەکات، لە دانیشتنێکیدا لەگەڵ خوێندکاران و کارگەرانی کورد لە شاری بۆنی ئەڵمانیا، ئاکسا چەند پرسیاریکیان ئاراستە کرد سەبارەت بەتێکچوونی شۆڕشی ئەیلول، لەگۆڤاری ڕیگای ئازادی (Özgürlük Yolu) بەزمانی تورکی لە ژمارە ٣١ و٣٢ دا بڵاو کراوەتەوە، لەم ژمارەیەشدا ڕۆژنامەی ڕۆژا وڵات بڵاوی کردۆتەوە.
لاپەڕە ١٠/ ڕاپۆرتێک لەسەر کۆنگرەی ١٨ مینی ئەکسا لە ٢٥ تا ٢٨ مانگی ٨ سالی ١٩٧٧. بەزمانی تورکی


ROJA WELAT

ROJNAMEYA SIYASI Û ÇANDI YA 15 ROJÎ
15 GÜNLÜK POLITIK VE KÜLTÜREL GAZETE

KARKERÊN HEMÛ WELATAN Û GELÊN BINDEST YEKBIN!

1 AGUSTOS 1975

HELSİNKİ AVRUPA GÜVENLİGİ
VE
İŞBİRLİGİ KONFERANSI
NİHAİ BELGE (SON SENET)
VIII. HALKLARIN EŞİTLİGİ
VE
KADERLERİNİ KENDİLERİNİN SAPTAMA HAKKI

Katılan Devletler, halkların haklarının eşitliğine ve kaderlerini kendilerinin saptamaları haklarına, her zaman Birleşmiş Milletler Andlaşmasının amaçları ve ilkelerine ve Devletler Hukukunun, Devletlerin ülke bütünlüklerine ilişkin kurallarını da kapsamak üzere, ilgili kuralları uyarınca saygı gösterirler.

Halkların haklarının eşitliği ve kaderlerini kendilerinin saptamaları hakları ilkesi uyarınca, bütün halklar, dışardan bir karışma olmaksızın, istedikleri zaman ve istedikleri biçimde, iç ve dış siyasal statülerini özgür olarak saptama ve siyasal ekonomik, sosyal ve kültürel gelişmelerini diledikleri gibi sürdürme hakkına her zaman sahiptir.

SSCB ÇEKOSLOVAKYA BULGARİSTAN İSVİÇRE TÜRKİYE ROMANYA

LI SER ROJNEMEYA ME ZORKERİYÊN NE DİTİ

1'Ê ÇILEYÊ PÊŞIN-1977
Hejmar: 3 BUHA: 5 TL

لاپــەڕە١١/ هەواڵی چالاکی ئەدەبی وهونەری، بەزمانی کوردی.

لاپەڕە ١٢ / ئەدەبی وهونەری.

لاپەڕە ١٣/ هەواڵی دەســت بەســەر داگرتنی پەرتووک لەلایەن پۆلیسی تورک، کتێبەکانی وەک: ڕێزمانــی کــوردی دکتــۆر کامــەران بەدرخــان، گۆڤاری ڕێگای ئــازادی، کوردو کوردســتانی بازیــل نیکتیــن، کتێبێکــی ئیسماعیل بێشکچی.

لاپەڕە ١٤/ نوکتە بۆ پێکەنیین.

لاپــەڕە١٤/ کۆمەڵــە و کەســایەتییە شۆڕشــگێرەکانی ئەڵمانیــا ئیدانــەی فشــارەکانی حکومەتــی تورکیا دەکەن بۆ سەر ڕۆژنامەی ڕۆژا وڵات.

لاپــەڕە ١٦/ نووســینێک لەســەر لینیــن بەزمانی تورکی.

**ژمارە ٥**

**٣/٥ / ١٩٧٨ دوانزە لاپەڕە**

وێنەی ســەر بەرگی یەکــەم / تابلۆیەک پیاوێــک و چەنــد کەســێک بەدوایــەوە ئالآیەکیان هەڵگرتووە لەســەری نووســراوە بژی ئازادی برووخێ داگیرکەر.

لاپــەڕە ٣/ وتارێــک لەژێــر نــاوی ڕووناکی پێشــکەوتنی گەلانــە، بەزمانــی کــوردی و تورکی.

لاپەڕە ٤/ هەواڵ وچالاکی سیاسی، بەزمانی تورکی.

لاپــەڕە ٥/ بانگەوازی کۆمەڵــەی کرێکاری لەشــاری نۆرنبێرگــی ئەڵمانیــا بەنــاوی ئازادی، دیموکراســی، شەڕ، باسی ئازادی بۆ ڕۆژنامەی ڕۆژا وڵات دەکات. بەزمانی تورکی.

لاپــەڕە٦/ بابەتێــک بەنــاوی ئەنجومەنی فێرکاری دیموکراتیک، بەزمانی تورکی.

لاپــەڕە ٨/ وتاریــک بەنــاوی فاشــیزم دووژمنــی هەموو خەباتــکاران وگەلانە. هۆشیار نووسیتی، بەزمانی تورکی.

لاپەڕە ٩/ نوکتە،بەزمانی کوردی.

لاپــەڕە ١٠ و١١ بابەتــی کولتــوری/ چیرۆک، شیعر.


ROJA WELAT

ROJNAMEYA SIYASI Û ÇANDI YA 15 ROJÎ
15 GÜNLÜK POLITIK VE KÜLTÜREL GAZETE

KARKERÊN HEMÛ WELATAN Û GELÊN BINDEST YEKBIN!

EKİM DEVRİMİNİN 60. YILDÖNÜMÜ

LI DORA VANÊ Û MURADIYÊ ERDHEJANÊ VIR DA TIŞTEK

**ژمارە ٦**

**١٣/٤/ ١٩٧٨ دوانزە لاپەڕە**

وێنەی سەربەرگی یەکەم تابلۆی ئاگری نەورۆز، لەسەری نووسراوە بژی نەورۆز. وە نووسراوە بەسە کۆیلەتی ! بژی ئازادی!.

لاپەڕە ٢/ هەواڵی سیاسی کوردانی باکوور، بەزمانی تورکی.

لاپەڕە٤ و٥ / هەواڵی چالاکییەکانی نەورۆز لەشوێنی جیاجیادا، لەژێر ناوی نەورۆز ڕۆژی دژی ڕەگەزپەرستی بەرزو پیرۆز ڕاگیرا،بەزمانی کوردی.

لاپەڕە ٨/ هێرشی جاندرمەی تورک بۆسەر کوردستان، بەزمانی تورکی.

لاپەڕە ٩/ هەواڵی سیاسی وڵاتانی ناوچەکە، بەزمانی تورکی.

لاپەڕە ١٠/ ئەدەبی شیعر.

لاپەڕە ١١/ نوکتە.

لاپەڕە ١٢ / چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی ڕۆژا وڵات لەگەل دانیال ریتۆریال سکرتیری فیدراسیۆنی سەندیکای مامۆستایانی جیهان.


ROJA WELAT
ROJNAMEYA SIYASI Û ÇANDÎ YA 15 ROJÎ
15 GÜNLÜK POLITIK VE KÜLTÜREL GAZETE
KARKERÊN HEMÛ WELATAN Û GELÊN BINDEST YEKBIN!

22 MAYIS 1978
1 GULAN-CEJNA
22 GULAN 1978

**ژمارە ٧**

**٢٢/ ٥/ ١٩٧٨ دوانزە لاپەڕە**

وێنەی سەربەرگی یەکەم ڕێپێوانی کرێکاران بەبۆنەی جەژنی یەکی ئایار ڕۆژی جیهانی کرێکاران.

لاپەڕە ٢/ وتاریک دژ بە پێکهێنانی حکومەتی نوێی تورکیا لەلایەن پارتی براوە، باس لە فاشیزمی وزولم وزۆری حکومەت دەکات کە ئەوانەی دێن هیچ لە وەزعەکە ناگۆڕن، زوڵم وچەوساندنەوە دژ بەگەلی کوردو نەتەوەکانی دیکە بەردەوام دەبێت، بەزمانی کوردی. هەمان وتار بەزمانی تورکی لە لاپەڕە ٣ دا هەیە.

لاپەڕە ٤ و ٥ / بابەتێک لەسەر شارەوانی دیار بەکر، بەزمانی تورکی

لاپەڕە٦/ گوڵان جەژنی جیهانی کرێکاران، کورتە باسێکی مێژووی کرێکارانی جیهان، دوو پارچە شیعر


ROJA WELAT
ROJNAMEYA SIYASI Û ÇANDÎ YA 15 ROJÎ
15 GÜNLÜK POLITIK VE KÜLTÜREL GAZETE
KARKERÊN HEMÛ WELATAN Û GELÊN BINDEST YEKBIN!
Kanatlı J-78 Tatbikatı
KÜRT HALKINA KARŞI YAPILAN SAVAŞ PROVASI

لەسەر یەکی ئایار بە زمانی کوردی.
لاپەڕە ١٠/ نوکتە بەزمانی کوردی.
لاپەڕە ١١، ئەدەبی، هۆنراوە،بەزمانی کوردی.

**ژمارە ٨**
**٢/ ٨/ ١٩٧٨ شانزە لاپەڕە**

وێنەی سەربەرگی یەکەم یادی چوار ساڵەی گۆڤاری ڕێگای ئازادی وێنەی بەرگی چەند ژمارەیەک دانراوە.
لاپەڕە ٢/ نامەی ڕۆژنامەی ڕۆژا وڵات بۆ خوینەرانی بەبۆنەی درەنگ دەرچوونی، بەزمانی کوردی
لاپەڕە٣/ چوارساڵەی دەرچوونی گۆڤاری ڕێگای ئازادی،بە زمانی کوردی وتورکی.


ROJA WELAT
ROJNAMEYA SIYASI U ÇANDI YA 15 ROJI
15 GÜNLÜK POLITIK VE KÜLTÜREL GAZETE
KARKERÊN HEMÛ WELATAN Û GELÊN BINDEST YEKBIN!
KDP-
GECICI KOMITE DEN MEKTUP
ROJA WELAT CEGERXWÎN'RA XEBERDA
15 Çeleyê Pêşin 1978

لاپەڕە٤/ هەواڵ وچالاکی، هەواڵی سزدانی گۆڤاری ڕێگای ئازادی لە شارەکان.
لاپەڕە٥/ هەواڵی ڤیستیڤالی نێو نەتەوەیی سالی ١٩٧٨ لە ئەلمانیا شاری بوخم.
لاپەڕە٦/ هەواڵ لە ٥ ی گوڵان لە پەرلەمانی تورکیا قسە لەسەر ئەوە کراوە کەکەس بۆی نییە ناوی کوردو کوردستان لەسەر زمانی بهێنێت، هێرشکردنە سەر شەرەفەدین چەلیک نوێنەری شاری ماردین، بەزمانی کوردی.
لاپەڕە ٧/ هەواڵی ئەشکەنجەدانی هاووڵاتیانی کورد، بەزمانی تورکی.
لاپەڕەکانی ٨و٩و١٠/ باسێک هۆکارەکانی ململانێی لەکوردستانی عیراق، بەزمانی تورکی.
لاپەڕە١٤/ هەواڵی کوشتنی دیموکراسیخوازو دژی فاشیزم مامۆستا بەدرەدین جۆمێرت. بەزمانی کوردی.
لاپەڕە ١٥/ کولتووری، هۆنراوە، بەزمانی کوردی.
لاپەڕە ١٦/ پرۆفیسۆر حاجی جندی بوو بە ٧٠ ساڵ کورتەی لە ژیننامەو بەرهەمەکانی،بەزمانی تورکی.

**ژمارە ٩**
**١٠/٩/ ١٩٧٨ دوانزە لاپەڕە**

لەسەر بەرگی یەکەم نووسراوە عەلی عەسکەری و هەڤاڵەکانی ئازاد بکەن
لاپەڕە٢/ سەبارەت بەکۆنگرەی چوارەمی تۆپ دێر، بەزمانی کوردی.

لاپەڕە ٣و٤و٥ / بانگەوازی ئازادکردنی عەلی عەسکەری هەڤاڵەکانی دەکەن، بەزمانی تورکی.
لاپەڕە ٦و٧/ ڕاپۆرتێک سەبارەت بەشۆڕشی کوردستانی ئیراق، لەژێر ناوی لەناو ڕێزی وڵات پارێزان دووبەندی وتەفرەقەمەکەن، بەزمانی کوردی.
لاپەڕە١٠/ نوکتە،بەزمانی کوردی.
لاپەڕە١١/ ئەدەبی، پاشماوەی سەبارەت بە کوردستانی ئێراق، بەزمانی کوردی.
لاپەڕە ١٢/ نووسەری گەورەی کورد عەرەبی شەمۆ ماڵئاوایی کرد ژیاننامە، بەزمانی کوردی.

**ژمارە ١٠**

**٩/٢٩/ ١٩٧٨ دوانزە لاپەڕە**

وێنەی سەربەرگی یەکەم وێنەی جاندرمەی تورک و ولاشەی کوردان
وا نووسراوە جەنگ دژ بەگەلی کورد، بەزمانی تورکی.
لاپەڕە ٣/ دووەم ساڵیادی دەرچوونی ڕۆژنامەی ڕۆژا ولات، بەزمانی کوردی.
لاپەڕە ٤و٥ / ڕاپۆرتێک لەسەر ژیان لەسیستمی تورکمانستاندا.
لاپەڕە٩/ وتارێک لەسەر کابینەی نوێی حکومەتی تورکیا.
لاپەڕە ١٠/ ئەدەبی وهونەری.

**ژمارە ١١**

**١١/٩/ ١٩٧٨ شازدە لاپەڕە**

وێنەی سەربەرگی یەکەم پیاویکی کورد جگەرە دەکێشی، نووسراوە ژیان لەسەر چیای سیپانێ.
لاپەڕە ٣/ وتارێک لەسەر ئانارشیزم، بەزمانی کوردی وتورکی.
لاپەڕە٧/ وتارێک لەسەر وەزعی کوردستان، نوکتە، بەزمانی کوردی.
لاپەڕە٨ و٩/ ڕاپۆرتێک لەسەر ژیانی کوردەواری لەسەر چیای سیپانێ،بەزمانی کوردی.

لاپەڕە ١٠/ هەواڵ لەشارەکانی کوردستانی باکوور، بەزمانی تورکی.
لاپەڕە ١١/ کۆنگرەی سەندیکا لە دیار بەکر، بەزمانی تورکی.
لاپەڕە١٢/ وتارێک لەسەر شۆڕشی ئیران.
لاپەڕە١٤و ١٥/ ئەدەبی وهونەری، بەزمانی کوردی.
لاپەڕە ١٦/ وێنەی گۆری نوری دەرسیمی ووتارێک،بەزمانی تورکی.

**ژمارە ١٢**

**١٢/١٥/ ١٩٧٨ شانزە لاپەرە**

وێنەی سەر بەرگی یەکەم وێنەی پۆلێک پێشمەرگەی کوردستانی باشوور، لەسەر بەرگی نووسراوە چاوپێکەوتنی ڕۆژا ولات لەگەڵ جگەرخوێن.
لاپەڕە ٣/ وتارێک سەبارەت بە ڕۆژی یەکێتی وخەبات،بەزمانی کوردی.
لاپەڕە ٦/ هەواڵی شارەکانی کوردستانی باکوور، بەتورکی.
لاپەڕە ٨و٩/ چاوپێککەوتن لەگەڵ مامۆستای شاعیر جگەرخوێن، لە سوریا لە قامشلۆ.
لاپەڕە ١٢ و١٣/ نامەیەک لە (kdp) سەبارەت بە دامەزراندنی کۆمیتەیەکی تایبەت.
لاپەڕە ١٤ و١٥/ ئەدەبی وهونەری، هۆنراوەو پەخشان.
لاپەڕە ١٦/ کۆنگرەی ١٩ هەمینی ئەکسا لەشاری فرانکفۆرتی ئەلمانیا، وتاری ڕۆژا ولات لە کۆنگرە.
*: لەسەر ڕۆژنامەی ڕۆژا ولات چەند زانیارییەکم لە هەڤال حسێن و هەڤاڵ بروسک وهەڤال جودی وەر گرتووە، زۆربەی زانیارییەکانییان لەیەکتر نزیک بوو، زۆریش هەوڵمدا لەگەل بەرێز مەحموود چشمە پەیوەندی بکەم بۆ وەدەست خستنی زانیاری زۆرتر سەبارەت بە هەردوو خولی دەرکردنی ڕۆژنامەی ڕۆژا ولات لە تورکیاو لە دەرەوەی ولات و هەروەها لە نزیکەوە ببینم، بەداخەوە نەمتوانی ببینم.